# میراتی فلادیمێر لینین

## چاوپێکەوتن لەگەڵ تاریق عەلی

## ئامادەکردنی: سوزی وایزمەن

**وەرگێرانی: گۆران عەبدوڵڵا**



پاش سەد ساڵ لە شۆرشی ڕوسیا، هێشتاش بیرو باوەڕی لینین سەبارەت بە دیموکراتی و تیرۆریزم و شۆڕش گرنگی خۆیان هەیە.

نووسەرو دەرهێنەرو ڕۆژنامەوان [تاریق عەلی](#) کتێبێکی نوێی کەوتە ژێر چاپەوەبەناوی: کێشەکانی لینین: تیرۆر، شەڕ، ئیمپراتۆری،خۆشەویستی و شۆڕش کەوتە ژێر چاپەوە بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. لە نیساندا وە بەتایبەت پاش سەد ساڵ لە نووسینی " مەوزوعات نیسان"ی لینین کە تیایدا بانگەوازی چەک هەڵگرتن کراوە، ئەوەبوو لە شۆڕشی فێبریوەری توانرا قەیسەر لەدەستەڵات وەلابنرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەوەی شوراکان بگەنە دەسەڵات.

ئەم کتێبەی تاریق ( The Dilemmas of Lenin ) بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێمان گەیەنراوە لە پێشتردا، ئەو لینینەمان لە گۆشەیەکی ترەوە پێ پیشان دەدات کە چۆن حەزی لە ئەدەبی لاتینی و مۆسیقای کلاسیک و ئەو بارو دۆخە سیاسیە شڵەژاوەی کەکاریگەری قوڵی لەسەر خێزانەکەیان هەبوو.

ئەوەشمان پێ پیشاندەدات کە چۆن مێژو" لینین"مان وەک دیکتاتۆرێکی بێبەزەیی پێ دەناسێنێ. سەیردەبێت کاتێک گوێ بیستی پابەندبونی بە دیموکراسیەتەوە دەبین!

لەم چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ **سۆزی وایزمەن لە رادیۆی جاکۆبین**، پەردە لادەدا لەسەر هەموو ئەو پروپاگەندانەی سەبارەت بە ڕۆڵی لینین لە مێژوداکراوە، هەروەها یارمەتیمان دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕەکانی لینین و کردارەکانی و پەیوەندێکانیان لەگەڵ ئەمڕۆدا.

**سۆزی وایزمەن:**

لە کتێبە نوێیەکەتدا بە پێچەوانەی ئەوەوەی کە پێشتر پێمان گەشتووە، باس لە لینینێک دەکەیت چەندە حەزی لە ئەدەب و زمانی لاتین بووەو چەندە مەرگی براکەی کاریگەری لەسەر داناوە.

**تاریق عەلی:**

ئەمە ئەو شتانیە کە خەڵکی قسەیان لەسەر ناکات بە هۆکاری جیاواز. یەکێک لەو هۆکارانە سەرکردایەتی سۆڤیەت پاش مەرگی لینین کردیان، بڕیاردانی مەکتەبی سیاسی بە مۆمیاکردنی جەستەی" لینین"و هێشتنەوەی وەک قەشەیەکی ئەرسەدۆکسی، کە ئەمە بۆ خۆی نەریتێکی کەنیسەی ئەرسەدۆکسێکان بوو. دیارە دەنگی نارەزایەتی هەبوو لە ناو مەکتەبی سیاسی لەو بارەوە، بەڵام دەنگەکان کەم بوون.

هەردوو خوشکەکەی و نادیە کرۆبسکایای هاوسەری داوایان لەسەرکردایەتی کرد کە" ئەو زۆر دژی ئەم شێوە کارانە بووەپێی دڵتەنگ دەبو. تکایە وەک هەر چالاکوانێکی تر لەژێر دیواری کرمڵن بینێژن و ئەم کارە نەشیاوە بە ئەو مەکەن".  بەڵام کارە کە کراو وادیارە بڕیارێکی زیرەکانەش بوو. توانرا ناوی لینین خراپ بەکار بهێنرێت بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا.

دیارە ستالین زۆر جار چاوی بەلینین کەوتبوولە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا، بەڵام هەرگیز وێنەیان پێکەوە نەبووە، بۆیە ستالین زۆرێک لە دۆکیومەنتەکانی تەزویر کردبوو بۆ ئەوەی وا پیشان بدات کە پەیوەندی زۆر نیزکیان هەبووە لە ڕووی فیکرەوە. دوو لایەن بەمە بڕوا دەکەن، یەک هەوادارانی ستالین، دوو ڕۆژئاوا.

لێرەدا هاوپەیمانییەکی نا پیرۆز ڕۆژئاواو ستالینێکان کۆ دەکاتەوە. ستالینێکان دەڵێن" ئەوەی دەیکەین درێژەدانی کارەکانی هاورێ لینینە". سەرکردە وە ئایدیۆلۆژییە ڕۆژئاوایکانیش دەڵێن " وایە، چونکە لینین بنەمای هەموو ئەو کارانەیە کە ئەمڕۆ لە سۆڤیەت ڕوودەدەن".

ئەم دوو زل هێزە بە خۆیان و دام و دەزگا و ئایدیۆلۆژێکانیانەوە بەشدارن لە درووستکردنی ئەو زەمینەیەی خەڵک لینینی ڕاستەقینەی بیر بچێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرکردەو بیرمەندێکی  سیاسی جیاواز لەوەی پێمان پیشان دەدرێت هەیە.

**سۆزی وایزمەن:**

بۆ یەکەمجار کەسەردانی سۆڤیەتم کرد، سەرەیەکی دوورو درێژم بەدیکرد بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکەی لینین. پێت وایە چەندە کاتمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەم لینینە نامۆیە بناسین؟

**تاریق عەلی:**

بەدڵنیاییەوە، ئاستێکی زۆر بەرز هەیە لە دوژمنکاری لە ناو باوەڕی باودا، بەڵام ئەم دوژمنکارییە تەواو چونکە یەکێتی سۆڤییەت تەواو بوو.

ڕاشکاوانە دەڵێم، زۆر دڵخۆشبووم، هەروەها توشی سەرسوڕمان بووم کاتێک نیۆرک تایمز داوایان لێکردم سەروتارێک بنووسم سەبارەت بە لینین. بەرگری تەواوم لە بیروباوەڕی خۆم کردو بە بێ مینگەمینگ بڵاوکرایەوە، دیارە لە کتێبەکەشمدا بڵاومکردۆتەوە.

هیوادارم گرنگییەکی شێلگیرانەی هەبێت سەبارەت بە بیرو باوەڕی و هەندێک لە کتێبە بنەڕەتێکانی وەکو "بابەتەکانی نیسان" کە بارودۆخەکە پێویستی پێیەتی، هەروەها " دەوڵەت و شۆڕش" ئەوەی کە پێویستمانە کلێشەیەکە لە کۆمۆنەی پاریس.

کارێکی گرنگ و سەرەکی لە کۆمۆنەی پاریسدا ئەوەبوو هەڵبژاردنەکان لە خوارەوە بۆ هەموو ئاستەکان بەشێوەی تاکبوون، بە شێوەیەک هونەرمەندی وێنەکێشی فەرەنسی گیوستاف کوربێ هونەرمەندانی لە هەموو گەڕەکەکانی پاریسیدا کۆکردەوە بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، ئەمە ئەو پرۆسە دیموکراتییە بوو کە لینین خوازیاری بوو.

هەندێک لەخەڵک پاش مەرگی لینین دەیان وت " ڕاستە شەڕێ ناوخۆ زۆر ترسناک بوو، بەڵام زۆرێک لە ئازادێکانمان هەبوو، ئەوەش کۆمۆنەی پاریسی وەبیر دێنایەوە. هەستێکی یەکسانیانە هەبوو. هەموو کەسێک دەیتوانی ئەوەی دەیەوێت بیڵێ، بیڵێ بێ ترس لە سوپاو حیزب. دەمانتوانی چەندو چون لەگەڵ بەرپرساندابکەین و هتد...."

هەموو ئەزمونەکانی پێشو لە لایەن دیکتاتۆریەتی ستالینەوە ڕەشکرانەوە و ئەوباوەڕەی درووستکرد کە هەموو شتەکان لەگەڵ لینین سەریان هەڵداوە.

گفتووگۆیەکی زۆر کۆن - ئایا بەردەوامییەک هەیە لەنێوان لینین و ئەوەی پاشتر ڕویدا، یان نەخێر بە هیچ شێوەیەک؟ ناکرێت بڵێیت ئەمەیان، یان ئەوەیان. من پێم وایە درێژەدان هەبووە لەوبارەوە، وەناتوانرێت ئەوە وەلابنرێت، بەڵام دەبێت ئەو کات و شوێنە لە ناکاوانە لەبەر چاوبگیرێت بۆ ئەو شێوە بڕیار و کارانە.

ئەوەی لەدوا نووسینەکانی "لینین"دا دەردەکەوێت، ئەو کاتانەی توشی سەکتەی مێشک ببو وە دکتۆرەکانی ڕێیان پێ نەدەدا ئامادەی دانیشتنە حکومی و حیزبییەکان بێت، تەنها توانیتی ئاکامی کارەکانی ئەو سەردەمە ببینێت کە ئەنجام درابوون، بۆیە وتی" ئای خودایە کارەکان باش ناڕوات."

گەورەترین بیانوی لە کتێبی دەوڵەت و شۆڕشدا ئەوەیە کە کۆماری سۆشیالیستی دەبێت هەموو دام و دەزگاکانی قەیسەر بروخێنێت، لەبەر ئەوەی دەزگاگەلێکی بیروکراسی و بنەمای شۆڤێنیزمی ڕوسییە.

وتی: " ڕاستە شۆڕشمان بردەوە، بەڵام ناوە ناوە ئەوەدەبێنم کە بیروکراسی قەیسەر هێشتا لە دەسەڵاتدایە و هاوڕێیانێکی بۆلشەفیک و ڕابەرانێک تێکەڵ بەو بیروکراسییەتە دەبن، وەک ئەوەی پێی ڕاهاتبن."

ئەمە توشی سەرسورمانی کرد، بۆیە دەستی دایە نووسینەوەی کۆمەڵێک بەڵگەی توند بۆ گۆڕینی ستراکچەری مەکتەبی سیاسی و دانی دەسەڵاتێکی زۆرتر بۆ کۆمسیۆنی چاودێری، داوای لابردنی ستالینی کرد لە سکرتێری حیزب و وتی ئەوەی کراوە کارێکی هەڵەبووە.

ئێمە و زۆرێکی تریش بۆ ساڵانێک ئەوەمان وتووە، سۆشیالیزم لەهەر جێگاو شوێنێک کە ڕودەدات، هەمیشە ڕێژەییە. ناتوانیت بڵێیت " ئەمە سۆشیالیزمە." تۆ هەمیشە هەوڵی بۆدەدەیت. لینین هەر زوو ئەمەی نووسی.

**سۆزی وایزمەن:**

لە کتێبەکەتدا باسی دیمەنی گەرانەوەی شازادە **کرۆپاتکین** ئەنارکیستی کۆن دەکەیت بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە مانگی مەی ١٩١٩ ئەو سەردەمەی کە ئەنارکیستێکان لە لێواری قەدەغەکردندا بوون و چاوی بە لینین کەوت و نارەزایەتی خۆی دەربڕی بەرانبەر بە بیرۆکراتیەت. لینین وەڵامی دایەوە " ئێمە هەمیشە دژی چینی کاربەدەستین.

**تاریق عەلی:**

لینین بە ڕادەیەکی زۆر دڵخۆش بوو بە **کرۆپاتکین**، هەروەها دڵخۆش بوو بە بەشێک لە چالاکوانە تێکۆشەرە ئەنارکیستەکان. چۆن دەیتوانی دڵخۆش نەبێت پێیان لە کاتێکدا باڵیان کێشابوو بەسەر سیاسەتی ڕوسیادا لەسەدەی نۆزدەدا.

مارکسیزم هەژمونی خۆی نەخستبوو، بەڵکوو ئەنارکیستەکان بوون، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی گەنجەکان دڵخوازی بوون. ئەوە باوەڕی **کرۆپاتکین** و **باکۆنین** بوو کە پشتیان پێبەستان تا ڕادەی ئەنارکی گێرەشێوێنی ڕۆشت، هەروەکو وتیان " شتێک نەما نەیکەین."

لەهەندێک لەو نامە گۆڕینانەوەی کارڵ مارکس لە گەڵ ڕوسەکان، بۆ نمونە **نیکۆلای چێرنیڤشسکی** و بەدڵنیاییشەوە قسەو باسەکانی لەگەڵ **باکۆنین** ئەمەی وت: " من بە تەواوی دژی کاری گێرەشێوێنیم، چونکە شڵەژان لە ڕێکخستنی بزوتنەوەی جەماوەری و حیزبیدا درووستدەکات و ناتوانێت زۆرینەی چینی کرێکار لە خۆیدا کۆبکاتەوە." بەڵام سەبارەت بە بارو دۆخی ڕوسیا مارکس دەڵێت: " بیانویەک هەیە کە هەموو دەروازەکان داخراون بۆیە تەنها ڕێگا ئەوەیە ئەم زاڵمانە لەناوببرێن. من لەمە تێدەگەم، بەڵام ناتوانرێت ستراتجیەت لەسەر ئەمە بنیات بنرێت."

زۆربەی ئەو ژنانەی لەو سەردەمەدا چالاک بوون، سەر بە چینی ناوەند بون و ئاستێکی باڵایان هەبوو لە خوێندندا. **سۆفیا پرۆڤسکایا**، هەڵسا بە ئامادەکاری و ڕێکخستنی تەقاندنەوەی ئەوپردەی کە قەیسەر بەسەریدا دەڕۆشت. سۆفیا کچی یەکێک لە

کاربەدەستە باڵاکانی پترسبۆرگ بوو. ئەم بنەماڵە بیرۆکراتیانە باش ئاگاداری هاتن و چونەکانی قەیسەر بوون. لە ئاکامی ئەو کارەدا سۆفیا دەستگیرکراو لە لایەن دەسەڵاتداریێتی ئۆتۆکراسی قەیسەرەوە لە سێدارەدرا. دیارە ئەوە یەکەم ژن بوو لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتە لەسێدارە بدرێت.

لینین ئەوەی دەزانی و لەگەڵیدا گەورەبوبو. براکەی بەهەڵە لەگەڵ گروپێکی ئەنارکیستی بچوکدا کاری دەکرد، لەو کاتەی ئەنارکسیزم خۆی لە شکاندابوو. ئەو تەنها بڵاوکراوەیەکی دەنووسیەوە، کاتێک دادوەرەکە پێی وت: "ئەلیکساندەر یولینۆڤ، ئێمە ئاگادارین کە تۆ خەریکی چی بووی." براکەی لینین وتی: " بەڵێ، ئەوە دەزانی کە بڵاوکراوەم دەنووسیەوە، تەواوی بەرپرسیاریێتی لەوبارەوە هەڵدەگرم." ئەوەی کردی جوامێری پیشاندان بوو، دەیتوانی وا نەکات، بۆ ئەوەی تەنها زیندانی بکرێت.

لینین لەم نێوەندە گەورەبوو، وە باش لێی تێگەشت، یەکەمین کارێک کە کردی سەردانیکردنی زۆربەی ئەنارکیستە تێکۆشەرەکان بوو. **کرۆپسکایا** لە کتێبی " **یادەوەری لەگەڵ لینین**" دا نووسیویەتی بە شێوەیەکی تۆزێک داپۆشراو " بە هیچ لادێیەکدا نارۆشتین ئەگەر لینین ڕای لەسەر نەبوایە. ئێستا کاتی ئەوەم هاتووە سەردانی لادێکان بکەم بۆ بینینی تێکۆشەرەکان، لەبەر ئەوەی ئێستاش زیندوون. هەمیشە زۆرێک لە تێکۆشەرانی ئەنارکیستی هەن. بۆیە ئەم خووەی کە هەمە هەمیشە لینینم وەبیر دێنێتەوە."

**سۆزی وایزمەن:**

ئەوەی کە لینین هەر زوو دژی وەستا، " تاکتیکی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن " بوو. ئەم هەڵوێستە لە ئاستێکی فراوانی جیهاندا بڵاو بووەوە. **یۆجین دبس** و **بیگ بیل هەیود** لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو هەڵوێستەیان بەرز نرخاند و بۆ ئەو مەبەستە قسەیان لەسەر وەرگرستنی جوڵانەوەیەکی ڕاستەو خۆکرد لە لایەن بزوتنەوەی کرێکارییەوە.

**تاریق عەلی:**

بەڵێ وابوو.

**سۆزی وایزمەن:**

ئەمە ئەو هەڵوێستە بوو کە پاشتر لینین تەبەنی کرد.  بۆچی کۆمۆنەی پاریس پێگەیەکی تایبەتی لای لینین هەبوو؟

**تاریق عەلی:**

کۆمۆنەی پاریس بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر شکستی چینی دەسەڵتداری فەرەنسا لە بەرانبەر پروسێکان و ئەڵمانەکان هاتە کایەوە وەکو زۆرێک لە شۆڕشەکانی تری جیهان. **ناپلیۆنی سێ** هەڵەیەکی کوشندەی کرد لە ورووژاندنی  ململانێکان لەگەڵ ئەڵمانیا، چونکە **پسمارک** ئەو چاوڕوانییەی هەبوو. پاش شکستی سوپای فەرەنسا و هەڵاتنیان بۆ پاریس، پاریسێکان بەتایبەت کرێکاران و کاسبکاران و ڕۆشنبیران وتیان: " ئێمە ئەم خۆبەدەستەوە دانە قبوڵ ناکەین، با پاریس ڕزگار بکەین و بیخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوەو شەڕی پرۆسیاکان بکەین. ئێمە نامانەوێت نە ژێر دەستەی ناپلیۆن بین، نە پرۆسێکان."

لێرەدا دەنگدانەوەی لینینی ناڕازی دەبینین بەرانبەر بە شەڕی یەکەمی جیهانی: " ئێمە پشتیوانی لە هیچ لایەکی شەڕکەر ناکەین. ئێمە یەکەمین چەخماخەمان بینی لە کۆمۆنەی پاریس، بینیمان چۆن دەسەڵاتیان گرتە دەست و سوپا تێکشکاوەکەی دەسەلات کە لە فرسای مۆڵی خواردبووەوە تێکیان شکاند. دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین هێزی دیموکراتیانەی کرێکاران و خەڵک بوو.

هەموو بەشداربوانی کۆمۆنەی پاریس بەتەنها لە کرێکاران نەبوون، بەڵکو هاوڵاتیانێکی زۆر لە پیشەوەران و هونەرمەندان و نووسەرانیشیان لەگەڵ دابوو. بۆ نمونە **رامبۆ** هۆنراوەیەکی هەیە سەبارەت بە کۆمۆنەی پاریس کە زۆر سەرسوڕهێنەرانە باسی لێوەدەکات.

پاشان کۆمۆنەی پاریس بە هەموو کەسێکی ڕاگەیاند کە " ئێمە ڕاستەو خۆ و لە خوارەوە بۆ سەرەوە نوێنەرەکانی خۆمان هەڵدەبژێرین،" چونکە لەو کاتەدا دیموکراسی لە هیچ شوێنێکی جیهاندا مانای نەبوو، ڕەنگە ئەڵمانیا کە لەو سەردەمەدا پێشکەوتوترین بوو، ئەویش باری نائاساییان وەکو یاسا ڕاگەیاندبوو بە مەبەستی دوور خستنەوەی سۆشیال دیموکراتەکان. ئەم سیستمی هەڵبژاردنەی لە خوارەوە بۆسەرەوە مایەی دڵخۆشی بوو بە لای زۆرینەوە، ئەمە ئامادەیی کرد بۆ نوێنەرەکان بچنە کۆمۆنەی پاریس و وایانکرد دەنگیان بە ئاشکرا ببیسترێ.

هاوڕایی ڤیەننا لە 1815 زۆری جیاواز نەبوو لە هاودەنگی واشنتن لە ساڵی 1991 کاتێک وتیان: " دەبێت لەوە دڵنیابین، لەهەر شوێنێک شۆڕش هەڵدەگیرسێت، هەرچەندە بەهێزیش بێت دەبێت بە زووترین کات سەرکوتبکرێت، ناتوانین ئەو سەرچڵییە قبوڵبکەین."

پاش ساڵی 1848 و بۆ سەرەوە شۆڕشەکانی سەربەخۆی نیشتمانی لە ئەوروپا سەریان هەڵدا، بە دواشیدا کۆمۆنەی پاریس. هەموو ئەمانە زۆر نزیک بوون لە عەقڵ و خواستی شۆڕشگێڕەکانی جیهان. ئەم پەیامە گەیشت بە فلپین، سەیرکە چی دەڵێن: " سەیرکەن لە پاریس چی ڕوودەدات، سەیرکەن چی دەکەن."

لە 1871 بە دوواوە گەشەی لایەنگرانی مارکس دەبینرا. مارکس لایەنگری تەواوی خۆی ڕاگەیاند بۆ کۆمۆنە لەگەڵ کۆمەڵێک سەرنج سەبارەت بە کەموکوری و هەڵە تاکتیکییەکان کە دەکرا چارەسەربکرێن.

ئەوانەی دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان مارکس و لینین بۆیان دەردەکەوێت ئەوەی مارکس لەسەر کۆمۆنە وتی تارادەیەکی زۆر نزیکە لەوەی لینین پاشتر وتی.

شتێکی تریش لەسەر لینین و ئەو دەوڵەتەی کە لە 1917 درووستیکرد چۆن دەکەوێتە بەر هێرشی وڵاتانی هاوپەیمان، هەردوو هەواڵگری ئەمریکی **جۆن فۆستەر دالاس** و **ئەلەن دالاس** ئامادەی ئەوکۆبونەوەیە بوون بۆ چۆنیەتی لە ناوبردنی شۆڕشی ڕوسیا، دیارە بەریتانیا و زۆرێکی تر لە وڵاتە ئەوروپێکان تێوەگلابوون. سوپای 22 وڵات بە یارمەتی وڵاتە زل هێزەکان هێرشیان کردە سەر ڕوسیا بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتەکە. ئەم کارە کاریگەری زۆری جێهێشت لەسەر شۆڕش.

پێویستت بە تێگەشتنی سیاسی هەیە، لینین و نەوەکەی لەگەڵ مارکسیشدا سیاسی بون و باش لەوە گەشتبون کە ناکرێت بە بێ سیاسەت هەنگاوێک بنرێ. دیارە لینین بە تەبیعەتی حاڵ لەم بارەوە بلیمەت بوو، تەنانەت دوژمنەکانیشی ئەو گەواهییەی بۆ دەدەن. لینین شکستەکانی بە سەرکەوتن تۆمار نەدەکرد، بەڵکو دەیوت ئەگەر کارەکان ئەنجام بدرێت بەڕێک و پێکی ئەوا سەرکەوتن وەدەست دێت.

**سۆزی وایزمەن:**

شۆرشی فێبریوەری خۆبەخۆیی بوو، لەگەڵ هاتنە سەر شەقامی کرێکاران، قەیسەریان ڕوخاند. بە هۆی ڕاڕایی و دوو دڵییەوە شوراکان نەیانتوانی دەسەڵات بەدەستەوەبگرن، لە جیاتی ئەوە حکومەتێکی کاتی لاواز دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. کاتێکی زۆر لەبەر دەستدا هەبوو، لە دەستەکەی تریشدا هێشتا شۆڕش تەواو نەبوبو. چی ڕوویدا کاتێک **لینین** لە مەنفا گەڕایەوەو لە وێستگەی فینلاند دابەزی؟

**تاریق عەلی:**

کاتێک لینین گەیشت، شوراکان ڕێکخرابونەوە. هەندێکیان هەر هەبون، نەک لە ئاستی هەموو وڵاتدا، بەڵام لە ناوەندە گەورەکاندا ئەمە باو بوو. پەرلەمان نەبوو. دۆما هیچ ڕێزێکی نەبوو بە تەواوی. بە هۆکاری ئەو ئەزمونەی وەدەست هاتبوو لە ساڵی 1905 کە لینین ناوی لێنابوو پرۆڤەی شۆڕش. ئەو کاتەی شوراکان خۆبەخۆی پێک هاتن و هیچ پارت و لایەنێک تێیدا بەهێز نەبو، بەڕاستی عەفەوی و ئازادی خوازبوون. زۆرینە درکیان بەوە کردبوو کە ئەم شێوەیە لە کارکردن دەبێت ببێتە بنەمای دیموکراتیەت- دیموکراتیەتی شورایی- کە لە کۆتایدا مانایەکی تەواو جیاوازی وەرگرت.

لەکاتی گەشتنەوەی **لینین**، لە لایەن وەفدێکی شوراییەوە کە لەو کاتەدا لەلایەن هەندێک پارتی میانەڕەوو لیبراڵەوە ڕابەرایەتی دەکرا، بە شێوازێکی فەرمی پێشوازی لێکرا. **چکیدزێ** چالاکوانێکی ڕاستی سەربە مەنشەفێکان بوو بە نوێنەرایەتی شاری پیترۆگراد بەخێر هاتنەوەی کردو وتی: " هاوڕێ لینین تکات لێدەکەین شۆڕشەکە زۆر فراوانە، پێویستە تۆش لەگەڵ ئەم یەکێتیەدا بیت بۆ ئەوەی هەنگاوێک بچینە پێشەوە." لینین سوپاسی کردو هیچی تری نەگوت و ڕویکردە کرێکاران و سەربازان و وەفدەکەش هەر چاوەڕونی بوون، لینین دەستی بە قسەی خۆیکرد و وتی: " **دەبێت شۆڕش درووست بکرێت، ئەم شۆڕشەش دەبێت سۆشیالیستی بێت. لەسەرمانە کۆتایی بەم شەڕە بهێنین، بۆ ئەوەی هەلێک درووستبکەین بۆ زەوی و نان و ئاشتی.**"

ئەمە یەکێکە لەدروشمە کەموێنەکانی لینین، وەلەژێر هەموو دروشمێکدا " زەوی و نان و ئاشتی" ئەمە بووە بنەمایەکی سیاسی و تەکتیکی و ئستراتیجی بەلشەفێکان. ئەمانە کۆڵەکەی داخوازیە سەرەکێکانی زۆرینەی خەڵکبوون.

ئەو وەفدەی پێشوازی کرد لە لینین بە نارەزایەتییەکەوە " خودایە هیچ نەگۆڕاوە، ئەم پیاوە وەک خۆی ماوەو نەگۆڕاوە،" چونکە کەسانێک لە بەلشەفێکان وایان تێگەیاندبوون کە لەگەڵدان و جارێک هیچ کارێکی جیاوازتر لە ئارادا نییە. لینین لەوە گەشتبوو ئەگەر ئەم دەرفەتە لەدەستبدرێت، مانای وایە شۆڕش ڕوونادات، چونکە ئەو هێزەی لە دەسەڵاتدا بوو ناڕازی بوو بە هاتنە دەرەوەی ڕوسیا لەشەڕ، کە ئەمە یەکێک بوو لە داخوازییە سەرەکییەکانی زۆرینەی خەڵک. لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتە نەیدەویست یان لە توانایدا نەبوو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وەدیبێنێ.

**سۆزی وایزمەن:**

لێرەدا **ڤیکتۆر سێرج** دەڵێت لینین شۆڕشگێڕ بوو لە سەردەمی شۆڕشدا، ئەوە پێناسەی ڕابەرە. ئەو کات و سەردەمەکەی ناسی، بۆیە هەلەکەی قۆزتەوەو بەرەو پێش هەنگاوی نا.

**تاریق عەلی:**

ڕێک وابوو، وە نابێت توشی تاسان بین. لینین ئارەزوی لە نووسین بوو بەشێوەی تێز، چڕو پڕ و ڕۆشن و بێ کەم و زیاد. لە مەوزوعات نیساندا بە ڕۆشنی ئاماژەی بەوە کردبوو کە دەبێت پرۆلیتاریا دەسەلات بگرێتە دەست.

ئۆرسەدۆکس دەیوت ئەوەی دەتوانرێت ئەنجام بدرێت تەنهاشۆرشی بۆرژوا دیموکراتە. ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە نابێت بەشداربین چونکە دژی بۆرژوازیین. لێیان گەڕێن با شۆڕش بکەن، ئێمەش چاوەڕێ دەکەین، کەی ئەوان سەرکەوتن و خۆیان دامەزراند، ئەو کاتە ئێمە دێینە دەرو شۆڕشێکی جیاوازی سۆشیالیست دەکەین. لینین لەو بارەوە وتی: " ئەمە بە هەموو پێوەرێک  بێ ماناییەکی تەواوە."

پاش تێپەربونی چەند هەفتەیک، دوو دیاردە بە ڕوونی دەرکەوتن. دیدی لینین پێشوازییەکی زۆری لێکرا لە ناو کارگەکاندا، نەک هەر لە کارگەکانی پۆتیلۆف، بەڵکو لە زۆرێک لە کارگەکانی تری پترۆگرادیش. بیرو باوەرەکەی لە نێوان ژناندا تەشەنەی کردبوو، بەتایبەت ژنانی کرێکار و ژنانی ماڵەوە. دڵنیایی دەکردەوە لەوەی ئەندامانی حیزبەکەی لە بۆچونەکانی گەشتبون، وە بەشێوەیەکی تایبەتیش هێزی چەکداری بەلشەفێکان.

چینی کرێکار ئامدەییان هەیە لەگەڵ حیزبدا، هێزی چەکداری حیزب ئامادەی رابەرایەتیە، لە کۆتایدا لینین بە ڕابەرایەتی حیزبی وت: " باشە، ئێستا چیبکەین؟"، لەم کاتەدا زۆربەی ڕابەرایەتی حیزب کۆک بوون سەبارەت بە "**بابەتەکانی نیسان**" و دەبێت پشتی پێ ببەسترێت، سەرباری ئەوەی لە سەرەتادا وتیان " لینین گەشتۆتە پلەی شێت بون، ئەوە چی ڕوی داوە؟."

لەوە گرنگتر، پشت بەستن بە " **مەوزوعاتی نیسان**" دەرگای خستە سەر پشت بۆ ترۆتسکی و گروپە بچوکە ڕۆشنبیرێکەی کە ساڵانێکی زۆر بوو جەدەلی فکری لە نێوانیاندا هەبوو، لەو کاتەدا هاتن و پەیوەست بوون بە پارتی بەلشەفیەوە – کەلە خۆیدا کاریگەری زۆریان هەبوو لە ڕووی فکرییەوە، چونکە بەلشەفێکان لە ڕووی فکرییەوە لە ئاستێکی باشدا نەبون.

**سۆزی وایزمەن:**

با قسە لەسەر ئەوەبکەین، لە نیسانەوە بۆ ئۆکتۆبەر و هەڵچونی شۆڕش.

**تاریق عەلی:**

لەو هەڵچون و داچونەدا، بەتایبەت لە سەردەمی تەموزی ١٩١٧ ، چالاکترین بەشی کرێکاران ئەوانەی لە لایەن هیچ حیزبێکەوە ڕێکنەخرابون، بەڵام زۆرتر مەیلیان بەلای بەلشەفێکاندا بوو بڕیاریان دا: " ئیتر بەسە، دەبێت هەر ئێستا دەسەلات بگرین." لینین باش ئەوەی دەزانی کە کاتەکە زۆر لەبارە، بەڵام بڕواشی بەوە هەبوو کە تا ئەو کاتەش کلیلی زۆربەی ناوچە سەرەکیێکان لەدەستی ئەماندا نەبوو. هەوڵی دا بزوتنەوەکە ڕابگرێت، بەڵام کرێکاران هاتنە شەقام و بەلشەفێکانیش لەگەڵیاندا، فرسەتێک بۆ لەماڵ دانیشتن نەمابو، جەماوەرێکی یەکجار بەرین بوو، کاتێک لەبەردەستدا نەبو بۆ هیچ پرسیارێکی پاسیفیستیانە.

پەرچەکردار لەلایەن دەسەڵاتی کاتیەوە ڕویدا. ترۆتسکی دەسگیرکراو کەسانی تریش لە ڕابەرایەتی بەلشەفێکان بەهەمان شێوە دەستگیرکران. حیزب بڕیاری دا لینین دوور بخرێتەوەو بشاردرێتەوە.

ئەوە بو لەبەرگی کرێکارێ شەمەندەفەردا خۆی گۆڕی و قژێکی دەستکردی لەسەر کرد، دیارە ئەو خۆگۆرینەشی لێدەهات. لەسنور پەڕییەوەو لەوێوە سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد، بە بۆنەی لێدان لە ڕابەرایەتی حیزبەوە وتی: " ئەم شکستە کاتیە و هیچ شتێکی بنەڕەتی نەگۆڕاوە."

بە هاتنی مانگی سپتامبەر بەرەکانی شەڕ بەتەواوی لەبەر یەک هەڵدەوەشانەوە، یاخی بوون هەبوو، هەڵاتن لە ڕیزەکانی سوپا بە شێوەیەکی فراوان، جوتیاران کە جل و بەرگی سەربازییان لە بەر کردبوو دەگەڕانەوە جێگاو ڕێگای خۆیان و زوو دەکەوتنە ژێر کاریگەری لێدوانی بەلشەفێکانەوە، ئەوە یەکێک بوو لە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی بەلشەفێکان.

زۆر سەخت بوو بۆ **کۆرنیلۆف** و جەنەراڵە ڕاستڕەوەکان پشت بە سەربازەکانیان ببەستن بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان. ئەوکاتەی هێزەکەی **کۆرنیلۆف** بەرەو پترۆگراد دەرۆشتن، دەیانویست بە شێوەی **پینۆشە** هێزی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. ئاژیتاتۆرە بەلەشەفێکان هاتبونە دەرو بە سەربازانیان دەوت: " **سەیرکەن دەزانن بۆ چی دەتانبەن بۆ پترۆگراد؟ بۆ ئەوە دەتانبەن سەرکوتی هاوڕێ کرێکارەکانتان بکەن، بۆ سەرکوتی سەربازەکانی تر.**" ئالێرەوە سوپا پشتی لەو فەرمانانە دەکرد کە پێیان دەسپێردرا.

لەم کاتانەدا **لینین** گەڕایەوە مۆسکۆ و بە نهێنی دەستکرا بە کۆبونەوەی ڕابەرایەتی و بڕیاردرا: " **ئەمە ئەو ڕۆژەیە ٧ی ئۆکتۆبەر دەسەڵات دەگرینە دەست.**"

خەڵکی دەڵێن شۆرش کارێکی پیلان گێری بووە، بەڵام لەڕاستیدا ئاشکراترین شۆڕش بووە لە جیهاندا، هیچ کارێکی شاراوە لە ئارادا نەبووە. تەنانەت ئەوکاتەی لینین کەمینەبوو، کەسێک لە شورای پترۆگراد پرسیتی: " خەڵک باس لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات دەکەن، هیچ پارتێک هەیە لەم کۆمەڵەدا ئامادەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی هەبێت لەئێستادا.؟" ئەم پیاوە کورتە باڵاسەر ڕوتاوەیە دەستی بەرزکردەوەو ناسرایەوە و هەستایە سەرپێ و وتی: " بەلشەفێکان لە ئێستادا ئامادەن دەسەڵات بگرنە دەست." لە قاقای پێکەنین دراو دەست کرا بە گاڵتە کردن.

لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا گۆرانێکی سەرەکی ڕوودەدا، بەلشەفێکان دەبنە زۆرینە لە شورا کرێکاری و سەربازێکانی مۆسکۆ و پیترۆگرادا. لینین ئاگاداری ئەم بارو دۆخەبوو، کەتە کاتەکە لەبارە بۆیە بڕیاری دا، " بەڵێ، ئێستا کاتەکە لەبارە" نەخشەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دارشت، بە بێ هیچ توندو تیژییەک دەست بەسەر دەسەڵاتدا گیرا.

تێبینییەک. مێژونوسی گەورەی مەنشەفیکی **ن سوخانۆف** یەکێکە لە مێژونووسە باشەکانی شۆڕش سەرباری ڕەخنەکانی لە لینین گۆشەیەکی جوانیشمان بۆ دەخاتە ڕوو، دەگێڕێتەوەو دەڵێ: تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵەوەو بە هاوسەرەکەم وت ئەمشەو من دوادەکەوم، ژنەکەشی پێی وتبوو واباشترە ئەمشەو نەگەڕییتەوە ماڵەوەو واباشترە هەر لە ئۆفیسەکەت بمێنیتەوە، چونکە خەڵکانێکی زۆر لە ماڵمانن." ڕۆژی دوایی سۆخانۆف بۆی دەرکەوتبوو کە کۆمیتە مەرکەزی بەلشەفێکان لەوێ کۆبونەوەیان هەببو لەسەر بڕیاردان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

**سۆزی وایزمەن:**

جارێکیان ترۆتسکی وتی شۆڕش تەنها ئیلهام بەخشین نییە بە مێژو، بەڵکو شەڕکردنە لە پێناو سوپادا، ئەو لایەنەی سوپای لەگەڵدابێت سەرکەوتودەبێت. سەرباری ئەوەی زۆرێک لە سەربازگەکان لە گەڵ بەلشەفێکاندا بوون، بەڵام شۆڕشەکە بە ئاشتیانە چووە ڕێوە.

**تاریق عەلی:**

بەمانای وشە وابوو، زەرەرو زیانێکی زۆر کەم هەبوو. **سێرگەی ئازنستاین** لە فیلمی ئۆکتۆبەردا لەو بارەوە زیادەڕۆی دەکات. ئەو ویستی لەو بارەوە فیلمێک درووست بکات، بەڵام شۆڕشەکە زۆر بەئارامی چووە پێشەوە وە خەڵکێکی زۆریش لە جادەو بانەکان خەریکی ئاهەنگ گێڕان بوون.

**سۆزی وایزمەن:**

میراتی شۆڕش چی بوو؟

**تاریق عەلی:**

سۆشیالیزم، سەرباری دیموکراتیەت. شۆڕشی سۆشیالیستی پێشتر لە کاتی خۆی ڕویدا، لە ئەوروپا گۆشەگیر کرابوو لە ڕێی کوشتاری ڕابەرانی چینی کرێکارەوە، **ڕۆزا لۆکسمبۆرگ** و **کارل لیبکنخت** و چەندانی تر. هەموو بەلاشیفەکان بڕوایان بەوە هەبوو ئەگەر گۆشە گیر بکرێن، ئەوە کێشەی گەورە ڕوودەدات. بە دڵنیاییەوە کێشە ڕوویدا چ لە ئاست ناوخۆ، وە چ لە ئاستی هێزەکانی دەرەوە و سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەڵمانیا.

ئەگەر بهاتبایە شۆڕش لە 1920 لە ئەڵمانیا ڕوویبدایە ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕێڕەوی ئەوروپا جیاواز دەبوو.

---

**پەراوێز:**

بۆ کار ئاسانی خوێنەر، ئەم ناوانەم لە ڕێی ویکیپیدیاوە ناساندووە. وەرگێڕ.

- سۆزی وایزمەن: نووسەر و توێژەر و پرۆفیسۆر لە بواری سیاسەت لە زانکۆی سانت مێری لە کالیفۆرنیا.

- نیکۆلای گاڤیریلۆڤیچ چێرنیشسکی: فەیلەسوف و دیموکراتخواز و سۆشیالیست 1828 -1889.

- باکۆنین: میخایل ئەلکساندرۆڤیچ باکۆنین. شۆڕشگێر و ئەنارکیست 1814-1876 بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی بیری ئەنارکیزم دادەنرێت.

- کرۆپۆتکین: پیوتر ئەلێکسڤیچ کرۆپتکین: زانا و فەیلەسوف و چالاکوان و بەرگریکار لە ئەنارکیزم. 1842-1921.

- سۆفیا پرۆڤسکایا: شۆڕشگێڕێکی سۆشیالیستی بوو. لە ئاکامی پلاندانانی بۆ کوشتنی ئەلیکسەندەری ٢ دەستگیرکراو لە1881/4/15 لە تەمەنی سی ساڵیدا هەڵواسرا.

- ناداژدا کرۆپسکایا- هاوسەری لینین لە 1898 تا 1924- لە 1869/2/26 لە دایک بووە، لە 1939/2/27 کۆچی دووایی کردووە.

- یۆجین دبس و بیگ بیڵ هەیود: دوو ڕابەری کرێکاری و سۆشیالیست، هەردووکیان لە ڕابەرایەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەمریکا بوون لە کۆتایی هەشتسەدەکان و سەرەتای نۆسەدەکان.

- ڕامبو: شاعیری ناسراوی فەرەنسی 1854/20/10 بۆ 1891/11/10.

- جۆن فۆستەر دالاس و ئەلەن دالاس: دوو برا سەر بە دەزگای سی ئای ئەی بون و نەخشی زۆریان هەبووە لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بەتایبەت لە کاتی شەڕی ساردا.

- ڤیکتۆر سێرج: شۆڕشگێڕو نووسەرێکی ئەنارکیستی بوو. 1890/12/30 بۆ 1947/11/17.

- کۆرنیلۆف: جەنەراڵێکی سەربازی ئیمپراتۆری ڕوسیا بوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی و شەڕی ناوخۆدا. 1870/8/30 بۆ 1918/4/13

- پینۆشە: جەنەراڵێکی سەربازی و سیاسی و دیکتاتۆرێکی شیلی بوو لە نێوان ساڵەکانی 1973 تا 1990، هەروەها وەک سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی شیلی مایەوە تا 1998. 1915/11/25 بۆ 2006/12/10.

- سێرگەی ئازنستاین: فلیم سازو دەرهێنەری ڕوسی. 1898/1/22 بۆ 1948/2/11.

- ئەلکساندەر ئلیانۆڤ، ناسراو بە ساشا: براگەورەی لینین لە 12ی نیسان 1866 لە دایک بوو ، لە 20ی مەی 1887 بە هۆکاری کاری شۆڕشگێڕانەلە تەمەنی 21 ساڵیدا ئیعدامکرا.

سەرچاوە:

https://jacobinmag.com/2017/05/dilemmas-vladimir-lenin-tariq-ali-russian-revolution-democracy